حکومەت و پەرلەمان و نوێنەرانی هەڵبژاردە ،ئەشێ وڵامدەرەوەی خەڵک و یاسا و مێژووبن.

# ئــەگەرەکان و تگــەرەکانی...،

# دوای هەڵبژاردن!

**محەمەدی کەریمی**

رۆژنامەنووسی سەربەخۆ

ئایــە سەرئەنجامی پەرە پێـدانی دیموکراسی لە رۆژهەڵات و دەرئەنجامی رزگاری عێراق لە چنگ ســەددام ،بەرەو بەرپاکردنی کۆماری ئیسـلامی لە عێراق خۆار و خێــچ نابێــتـــەوە ؟؟
گــەر بێتــو شیــعەکان ببــنە حاکەم وفەرمانرەوای عێــراقی هیوا و ئاشــتی چــی روو دەدات ؟؟
هەڵبــژاردنی 30 ـ 1 ـ 2005 ی عێــراق بە بێگومان وبە هۆی بوونی زۆریــنە شیعە لەم وڵاتە ،سەرکــەوتنێکی مەزن بوو بۆ شــیعەکان. درەنگ یان زوو ،تۆ بڵێــی بیانووی بەرپابوونی حکومەتی ئیســلامی نەهێنە گۆڕێ ؟؟
گــەر بێتو لە یاسای بنەرەتی یان لە یاسای دەستوریی عێراقی نوێــدا ،شـوێن پێی ســوننیــەکان دیار و بەرجەستە وبەرچاو نەکــەوێت چــی دەبێــت ؟؟
ئەمانە گشتیان پرسیارگەلێکن کە تاوەکوو ئێستەکەیش وڵامــی راست و دروستی خۆیان نەبیستووەتەوە.!
داهاتووی عێراق لە نێوان دوو خەون و خەیاڵی بەرپابوونی ئاشتی گشتی و شــەڕی ناوخۆییدا گیرە. ئایەندە پەیوەستە بە هەڵویســت و هەڵــس وکــەوتی شــیعەکان. سیاسەت و شیعە لێکهاڵاون و زۆر گرێپێچکەی سیاسی شیعی ماوە بکرێنەوە. ئەمریکای تاقانە خۆازیاری رێبەری لە جیهاندا ،لە هەمووان باشتر بەم راستییانە دەزانێت. کورد ،دەبێت ئەم راستییە باش بزانێت کە ئەمریکا لە ترسی سیاسەتی شیعەگەلی حاکم لە تاران دەوراندەوری ئێرانی ئیسلامیان داوە ،نەوەک لە بۆ هیوا و ئاشتی لە عێراقدا. هەڵبەتە ،ئاشتی بە گشتی لە رۆژهەڵات هیوای بەرژەوەندییەکانی جیهانی داهاتووی ئەمریکایە. ئیسلامی سیاسی شیعی ،نەک بە تەنیا بەڵکو وەک نوێنەر یان پاڵپشتی جیهانی دواکەوتە لە سیستەمی نوێی جیهانی ،کۆسپی سەرەکی بەردەم رەوەندی قازانج و بەرژەوەندییەکانی دنیای ئەمرۆ و سبەی ئەمریکا وئینگلیزییەکانە.

له نەجەف کە پێگەی سەرەکی شیعەکانە ،نوێنەرانی ئایەتوڵڵا سیستانی و زۆر لە ڕێبەرانی دیکەی ئایینی ئەم ڕاستییە ناشارنەوە کە بە هیوای بەرپاکردنی حکومەتێکی ئیسلامین و زۆر لەو هەڵویستانەیشی کە دەینوێنن بۆ ئەوەیە کە متمانەی ئەمریکا لە دەست نەدەن و بەم زووان و تاکاتی پێویستی خۆیٰ زەرگەتەکان نەوروژێنن. بەو حاڵەیشەوە هەر لە ئیستەکەوە لە نەجەف مەحکەمەی ئیسلامی کەوتووتە ڕێ و لە سکالای خەڵکی دەکۆڵێتەوە و ناوەندەکانی ئیدارەی دادی ولاتی کەم یان زۆر ،کەم کار کردووە و وەکیلەکانیشی بێ ڕزق و ڕۆژی هێشتووتەوە.!

گەر بێتو لیستی هەڵبژاردەکانی ناسراو بە 169ی شیعەکان کە ئایەتوڵڵا حەکیم لە سەرویانەوەیە ،لە گەڵ سەرۆک وەزیرانی کاتی واتە ئەیاد عەلاوی دووهەم گروپی شیعەی ئەم ولاتە کە ئیدعای لائیسیتە دەکات پێکبێن ویەکگرن. ئایە مەترسی کەرت بوونی شیعە وئەگەری سەرهەڵدانی شەڕ و پێکدادان لە نێوان ئەوان و لایەنگرانی موقتەداسەدر کە هەرلە بنەڕەتدا دژی ئەم هەلبژاردنە بوو سەر هەڵ نەدات ؟؟

شەڕ بێت یان ئاشتی؟؟ کورد ئەشێت خۆی لە بەلای لاوەکی بپارێزێت و لە هەر دوو حاڵەتدا لەبیری بەرپاکردنی (( سیستەمی ئیداری )) بێت بە پێی یاسا. ئەرکی حکومەتی نوێی کوردستانە. حکومەت و پەرلەمان و سەرۆکی نوێی گەلی کوردستان لە بەر دەم تاقیکردنەوەیەکی مێژوویی زور گرنگ و فرە مەزندان.

کاتی بەرپاکردنی شۆڕشێکی کۆمەلایەتی سیاسییە لە سەر بناغەی ئیدارەیەکی یاسایی پتەو و سەتاسەت مرۆڤی. چونکە ۆر لە مێژە ئێمە لە بۆ رزگاری خۆمان ئەم هاوارە بەرز دەکەینەوە.

گەر لە ماوەی نزیک بە چوارەدەساڵی ڕابردوو ،لە بەر دەم تاقیکاری دەرەکی و ناوەکیدا بووین و دەست وپەنجەی زۆر بڕیاراتی سەرەکی بە زۆر هۆیی سیاسی جیهان و ناوچە و ناوخۆی عێراق و تەنانەت لە رێگەی خۆیشمانەوە بەستە و گیراو و گیرۆدە بوو ، ئێستەکە و لەمە بە دواوە هەر کات وساتێک دەرفەتێکە و هەر دەرفەتێکیش هەلێکی مێژووییە کە نابێت بهێلین لە کیسمان بچێت.

لەئێستەکەوە بە دواوە کاتی دارشتنە و کاتی بەرێوەبردنی یاسا. گەر یاسا سەروەر و سالار نەبێت ،سیستەمی کوردی بە باشی و بە رێک وپێکی سەر ناکەوێت. لەم سەرکەوتن و دواکەوتنەدا کێ بەر پرسیارە ؟؟ حکومەت و پەرلەمان و نوێنەرانی هەڵبژاردە بە بێ شک ولامدەرەوەی گەل و یاسا و مێژوون.!

mohammed_karimi ;